باڵیۆزی ئەمریکا: پابەندین بە پاراستنی سەقامگیری عێراق و هێرشەکانی داعشیش بەردەوامن

باڵیۆزی ئەمریکا هەشداری دەدات لە سەرهەڵدانەوەی داعش لە عێراق و پابەندبوونی وڵاتەکەشی بە پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری عێراق دووپات دەکاتەوە.

ئۆلینا رەمانوسکی، باڵیۆزی ئەمریکا لە بەغدا لە میانی وتارێکیدا کە لە ژمارەی ئەمڕۆی ڕۆژنامەی سەباح بڵاوکراوەتەوە، باسی لە گرنگیی بەردەوامبوونی پێوەندییە ستراتیژییەکانی نێوان وڵاتەکەی و عێراق کرد و ڕایگەیاند، "ئێمە پابەندین بە پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری و سەروەری عێراق و شانبەشانی هاوبەشە عێراقییەکانمان، وڵاتەکەمان لە بەرەی داعش ڕزگارکرد".

هەشداریشیدا لێوە کە "لەگەڵ دەیەمین ساڵیادی دەرکەوتنی داعش و پێنج ساڵی شکستپێهێنانی، پێویستە ڕوون بین بەرامبەر ئەو هێرشەی کە هەشتا داعش لە عێراق و سووریاوە لەسەر عێراق دروستی دەکات".

باڵیۆزی ئەمریکا دەڵێت: "دەمانەوێت هێزە عێراقییەکان توانای پێویستیان بە ووبەووبوونەوەی هێرشەکانی داهاتوو هەبێت، هەر بۆیە لە ساڵی 2012ەوە کۆنگرەسی ئەمریکا زیاتر لە 3.5 ملیار دۆلاری

بە بنیادنانی توانای هێزە عیراقییەکان تێرخان کردووە و پشتیوانییەکی بەردەوامی گرنگ و پێداویستی لە جۆری فڕۆکەی شەڕکەری ئێف 16 و تانکی ئەبرامز پێشکەشی عێراق دەکات".

هەروەها دەڵێت: "بەڵام لە پێیوەندییەکی ئەمنی زیاترمان پێویستە، پێویستمان بە پێیوەندییەکی ئابووری، ڕەشنبیری و فێرکردن و میللی هەیە بە بنیادنانی عێراقێکی هاوچەرخ و ئارام و سەقامگیر و خاوەن سەروەری و درەوشاوە کە پێیوەندی لەگەڵ جیهاندا هەبێت".

ڕەمانوسکی ڕاشیگەیاند، تا ئێستاش ویلایەتە یەکگرتووەکان گەورەترین پشتیوانی عێراقە و بە درێژایی 20 ساڵی ڕابردوو ئاژانسی گەشەپێدانی ئەمریکی زیاتر لە 11 ملیار دۆلاری پێشکەشی عێراق کردووە و هاوکار بووە لە دروستکردنی 150 خوێندنگە، 25 نەخۆشخانە، 130 پەژێی ئاوەڕۆ و لە 2014ەوە ئەمریکا 6.3 ملیار دۆلاری پێشکەشی خەزانە ئاوارەکان کردووە لە 2017ەوە 157 ملیۆن دۆلاری بە پرۆژەکانی دابینکردنی ئاوی پاک بە زیاتر لە 12 ملیۆن کەس تێرخان کردووە.

باڵیۆزی ئەمریکا لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا باسی لەو هاوکارییانە کردووە کە وەاتەکەی لە بواری فێرکردن و خوێندن، بازارگانی و تەندروستیدا پێشکەشی هەزاران عێراقییان کردووە.

ئەلینا ڕەمانوسکی دەشێت: "هەندێك وەات لە دەرگای عێراقیان داوە بە ئەوەی ببنە جەگرەوەی ئەمریکا و هاوبەشەکانی، بەڵام وەك باڵیۆزی ویلایەتە یەکگرتووەکان پەموانییە کە هیچکام لەو وەاتانە بە ئەندازەی ئەمریکا پێشکەشی گەلی عێراق بکەن".

وتیشی: ئەمە کاردەکەین لەسەر بنیادنانی ئەو پردانەی کە گەلی ویلایەتە یەکگرتووەکان و عێراق پێکەوە دەبەستنەوە و بە چەند نەوەیەکیش دەمێننەوە.. دەتوانین ببینە بەشێک لە هێنانەدی خەونی گەنجانی عێراق".